# پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر مەبەستی سەفەرێکی بووایە؛ تیروپشکی دەکرد لە نێوان خێزانەکانی، هەرکامێکیان لە تیروپشکەکە دەربچووایە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەگەڵ خۆیدا دەیبرد

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر مەبەستی سەفەرێکی بووایە؛ تیروپشکی دەکرد لە نێوان خێزانەکانی، هەرکامێکیان لە تیروپشکەکە دەربچووایە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەگەڵ خۆیدا دەیبرد، تیروپشکی لە نێوانمان کرد بۆ یەکێک لە غەزاکان (هەڵمەتی ڕزگاکردن)، لە تیروپشکەکە من دەرچووم، بۆیە دەرچووم لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پاش ئەوەی (ئایەتی فەرمانکردن بە) باڵاپۆشی دابەزی».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- لەم فەرموودەیەدا باسی ئەوە دەکات کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەهۆی ئەوپەڕی دادپەوەری بوونی لە نێوان خێزانەکانی ئەگەر مەبەستی سەفەرێکی بووایە؛ تیروپشکی دەکرد لە نێوانیان بۆئەوەی دڵیان نەشکێت، ئەگەر بەشێکی هەرکامێکیان دەربچووایە؛ ئەو لەگەڵی دەردەچوو، لە یەکێک لە غەزاکان (هەڵمەتی ڕزگاکردن) تیروپشکی کرد لە نێوان خێزانەکانی، ئەویش غەزای بەنی موستەلیق (بني المصطلق) بوو، لە تیروپشکەکە بەشی عائیشە دەرچوو ولەگەڵیدا سەفەری کرد، پاشان باسی ئەوەی کرد کە ئەم ڕووداوە پاش ئایەتی فەرمانکردن بە باڵاپۆشی دابەزی. وزانراوە لە سەفەری داهاتوودا تیروپشکی دەکرد لە نێوان خێزانەکانی تری، وئەوەی پێشووتر چوو ناوی ناچێتە نێو تیروپشکەکەوە چونکە مافی خۆی وەرگرت، وئەگەر یەک خێزان مابێتەوە لە تیروپشکەکەدا؛ ئەوی دەبرد چونکە تەنها ئەو ماوەتەوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/58132